یوسف : ژیان و هاتنی محمد له ئینجیلدا پێشبینی کراوه و باسکراوه !

داودا : پاش پشکنینێکی به ووردی ئینجیل ئه توانرێ به به ڵگه وه بووترێت که به هیچ جۆرێک و له هیچ شوێنێکی ئینجیلدا ناوی محمد نه هاتووه هه موو په یامه کانی( ته ورات ) پێ له سه ر ئه وه داده گرن وه دیاری ده که ن که عیسا دێت به پێغه مبه ری وه ئه ویش پێغه مبه رێک ده بێت وه ک موسا(پێغه مبه رێک دێت وه کو من، که له لایه ن خوداوه نێردراوه ، ئه ویش له ناو خۆتانه وه دێت، ئه و ده بێت به ڕابه رتان، پێویسته ئێوه گوێ ڕایه ڵی بن )ئه و مه رجانه ی که حه زره تی موسا فه رموو بووی ئه وانه هه مووی له عیسادا هه بوون، وه ڕه فتاری ئه و زۆر له ڕه فتاری موسا ده چوو عیسا په یمانی نوێی دروست کرد که بوو به ته واوکه ری په یمانی کۆن (ته ورات)عیسا ڕوو به ڕوو خودای ده ناسی و له گه ڵیدا ده دوا،وه هه روه ها گه وره ترین نیشانه و کاری سه رسوڕهێنه ری ( موعجزه ) ی ئه نجام ده دا٠له په یمانی نوێدا زۆر جار باس له هاتنی ڕۆحی پیرۆز ده کات، نه ک باس له هاتنی محمد٠ بۆ نمونه : کاتێک که عیسا باسی ڕۆحی پیرۆزی ده کرد، ده یفه رموو ( ئه و له ئێوه دا ده بێت ) ئیتر چۆن محمد که مرۆڤێکه ده توانێت له ناو قوتابیه کانی عیسادا بێت٠

یۆح ١٤-١٦/ کردار٣، ١٧-٢٣/ ٥٠موسا١٨، ١٥-١٨/ عیبر١٢، ٢٤/ مه ت١٧، ١-٥/
مه ت٨، ٢٣-٢٧/یۆح١٤، ١٧



فاتیمه : ئه و مه رجه ی پێویسته بۆ مرۆڤ که پێی بچێته به هه شت ، کاری چاکه کردنه !

لادی : به هه شت یاخودماڵی ئاسمانی زۆر پیرۆزه٠ مرۆڤ بۆ ئه وه ی بچێته به هه شت پێویسته ( ١٠٠٪ ) له سه ددا سه د پاک و پیرۆز بێت٠ چه نده ئێمه خۆمان ماندوو بکه ین و کاری چاکه بکه ین، هێشتا ناگه ینه ئه و ڕێژه یه ی که خودا دایناوه، به بێ گوناه بژین٠ خودا خۆی ئه مه ده زانێت بۆیه پێشنیاری ئه وه ی کرد ، که ئێمه به خۆقوربانی کردنی عیسای مه سیح به ته واوه تی پاک بکاته وه له گوناه٠عیسا خۆی کرد به قوربانی وه هه موو تاوان و گوناهه کانی ئێمه ی له ئه ستۆی خۆی گرت تاوه کو خودا ئێمه ببه خشێت له تاوان و گوناهه-کانمان٠ ئه گه ر ئێوه ش ئه و پێشنیاره ی که خودا کردووه یه تی وه ربگرن ، ئه وا بێگومان جێگاتان له و به هه شته هه یه که خودا په یمانی پێداوین٠ ئه وا له سوپاسی خودادا کاری چاکه ده که ین٠

٠٢ تیمۆ٤، ١/١٠په تر٥، ٤/مه ت٥، ٤٨/ڕۆما٣، ٢٠/ئه فس٢، ٨-١/٩٠په تر١، ١٨-١٩/عیبر١٠، ١٠/ ٠٢کۆرن٥، ٢١/ ڕۆما١٠، ١/٩٠یۆح٥، ١١-١٣/ یۆح٣، ٣٦/
تیتۆس ٢، ١٤

تێبینی :ژماره دانانی په یامه کانی قورئان، ئه گه ڕێته وه بۆ وه رگێڕاوه ئه ڵمانی یه که ی چاپی حه وته م ١٩٩٦ “Rudi Paret“
Stuttgart (Kohlhammer Verlag)

داڕشتی په یامه کانی ئینجیل به شێوه یه کی ڕێگا پێدراو کورت کراونه ته وه٠

نووسه ر : A. Maurer

ئه گه ر ده ته وێت زانیاری یاخود ڕوونکردنه وه ی زیاتر له باره ی ئه م نووسینه وه بزانت، ئه وا په یوه ندیمان به نووسین پێوه بکه ن به م ناونیشانه ی خواره وه٠

Dauda Oder Ladi
c/o VCS Postfach 8554
CH-2500 Biel 8

نورُ العالم




kurdish (sorani)

نورُ العالم




چوار هاوڕێ به راوردی باوه ڕداری خۆیان ده که ن

## ئه ی خودا ووته که ت  نه گۆڕه له ئاسماندا هه تا هه تایه٠

( زه بوور  ٨٩،١١٩ )

١

یوسف :  ئه لێن که ئینجیل ده ستکاری کراوه و گۆڕانکاری تێدایه !

داودا  : ئێمه له قورئاندا ده خوێنینه وه که ئینجیل ووشه ی خودایه،وه که سیش ناتوانێت و بۆی نی یه که ووشه ی خودا  ده ستکاری بکات وبیگۆڕێت٠هه روه ها ئینجیل خۆی روونی ده کاته وه وته ئکیدی له سه رده کات که  له لایه ن  خودای گه وره وه نێردراوه.وه پێ له سه ر ئه وه داده گرێت که ئه مه ئیلهام و ووشه ی خودایه.

وه ئه گه ر یه کێک هه یه  به گوومانه و ده لێت :  که گوایا ئینجیل ده ستکاری کراوه یاخود گۆڕانکاری تێدایه، که واته  وا پێویست ده کات که ئه و که سه ئاماده بێت به  به لگه وه وه لامی ئه م   پرسیارانه ی خواره وه بداته وه٠

١- که ی و بۆچی گۆڕدراوه ؟        ٢- کێ گۆڕیویه تی ؟

٣- ئینجیلی ڕاسته قینه ی بێ ده ستکاری له کوێ یه ؟

٠١کۆر ٥، ٤٤-٤٨/ ٦ ،٣٤ / ٠٢ تیمۆ٣، ١٦/ ٠٢ په تر١، ١٦-٢١/ بین ٢٢ ،١٩

فاتیمه  : مه سیحیه کان چه ندین ئینجیلی جۆراو جۆریان هه یه !

لادی   : ئه و جۆراو جۆریه له ڕاستیدا گۆڕانی ناوه رۆکی ئینجیل نی یه، به لکو جۆراو جۆری وه رگێرانیه تی و  دارشتنه که یه تی ، وه هه موو ئینجیله کان له یه ک ئنجیلی سه ره کی یه وه وه رگیراون  وه هه روه ها له ڕۆژگاری ئه مرۆماندا ئینجیل به چه نده ها زمانی جۆراو  جۆر وه رگێڕدراوه، ته نا نه ت ئه مرۆ تازه ترین وه رگێڕانی زمانی به خۆیه- وه بینیوه له گه ل پێشکه وتنی زمان و کات و ڕۆژگاردا٠  له هه مان کاتیشدا مزگێنی ومانای بنه ڕه تی نامه و په یامه کان هیچ گۆڕانکارییان به سه ردا نه هاتووه وه ده قاوده ق مانای ته واوی خۆیان هه لگرتووه٠

غه لا ١،٦-١٢ / ٠١ ته سا ٤،٢

## عیسا وێنه ی خودای  نه بینراوه ، نۆبه ره ی هه موو  بوونه وه رانه

( کۆلۆسی ١، ١٥)

٢

یوسف  :  خودا  کوڕی نی یه  !

داودا   :  منیش له گه ل بۆچوونه که دام، که خودا هیچ په یوه ندییه کی مرۆڤی (له شی ) له گه ل مریه م دا نه بووه، که بووبێته هۆی دروست بوونی عیسا.

وه به کارهێنانی ووشه ی ( کوڕ) له ئه نجامی  په یوه ندی به هێزو بێ وێنه ی نێوان خودا و عیسا وه دێت٠ چونکه په یوه ندی عیسا له گه ل خودادا  وگفتوگۆ کردن له گه لیدا هێنده نزیک بوو، وێنه ی باوک له گه ل کوڕدا٠ وه خه لکی ئاره زووی خۆیانه که به چه ندین شێوه ی جۆراوجۆر ئه یانه وێت ئه و په یوه ندییه ده رببڕن٠ به تایبه تی ئه و جۆره په یوه ندییه بێ وێنه یه ی خودای باوک و  عیسای کوڕ٠ ئێمه ی مرۆڤ چۆن له مرۆڤێکی خودای تێ بگه ین، که ئه و بریتیه له ڕۆح٠ بۆ زیاتر ناسینی خوداو فراوان کردنی زانیاری له سه ری، پێویستمان به گه ڕانێکی زۆر هه یه.

قورئان١٩، ٣٥/ لۆقا ١، ٣٤-٣٥/ یۆح ١، ١٨/١٠، ٣٦/ مه ت ١٧، ٥/  یۆح ١٧، ١-٥/ ئه یو ١١، ٧/ ئیشه ع٤٠، ٢٨

فاتیمه :  عیسا ناتوانێت خودابێت!

لادی  :  عیسا ته نها که س بوو له سه ر ڕووی زه مین که بێ گوناه بووه . له ڕاستیدا عیسا خودا بوو له گه ل ئێمه دا ، هه روه ها عیسا خۆی ده فه رمووێت: ( من وباوک یه کێین).

عیسا خودا بوو به لام له شێوه ی مرۆڤدا هاتبووه سه ر زه مین , ئه مه کارێک نییه که  بۆ خودا نه کرێت ٠ ئه گه ر خودا  بیه وێت به م شێوه یه خۆی  ده ربخات و بێته سه ر ڕووی جیهان ، کێ ده توانێت ڕێگه ی لێبگرێت؟ لێره دا مه سیحیه کان یه کن که ته نها بڕوایان به یه ک  خودا هه یه ، هه ر وه کو  ئینجیلی  پیرۆز فێرمان ده کات٠

قورئان٥، ١٧/عیبر٤، ١٤-١٥/مه ت١، ٢٣/یۆح ١٠، ٠١/٣٠تیمۆ ٢، ٥/کۆل١، ١٥عیبر١، ١-٣/ لۆقا١، ٣٧ / ٠٥موسا٤، ٣٥/ مه رق ١٢، ٢٩

## یه ک خودا هه یه و یه ک په یوه ندی ڕێکخه ر هه یه  له نێوان خودا و مرۆڤدا، ئه ویش عیسای مه سیحی مرۆڤه٠

(٠١تیمۆساوس٢، ٥ )

٣

یوسف :  عیسا له خاچ نه دراوه !

داودا    :  نیشانه ی ڕوون و ئاشکرا هه یه له سه ر  له خاچ دانی عیسا:

١- پێغه مبه رانی پێش ئه و له ته وراتدا پێشبینی  ئه وه یان کردووه ٠

٢- عیسا زۆرجار خۆی به ئاشکرا فه رموویه تی له باره ی نزیکی مه رگ خۆیه وه٠

٣- شاهیده کانی که بینیویانه ( (نێردراوه کان ) شاهیدی ئه وه  ده ده ن ٠

٤- حیکایه ت خوانان باسیان کردووه٠

٥- ئه و خه لکانه ی که باوه ڕیان  به عیسا هێناوه و گۆڕانکاری له ژیانیاندا ڕوویداوه، ئه وانیش شاهیدی ئه وه ده ده ن٠

قورئان ٤، ١٥٧/ ئیشه ع ٥٣/ زه بوور٢٢، ١-١٨/ لۆقا ٩، ٢٢/٢٢، ٣٧/ ٠٢په تر١، ١٦-١/١٨٠یۆح ١، ١-٣ ٠١کۆرن١٥، ٣-٨/کردار ، ٨-٧/١٣، ٢٤/٥٦، ٢٤

فاتیمه  :  عیسا پێغه مبه رێکه که ته نها بۆ میلله تی ئیسرائیل هاتبوو، به لام محمد بۆ ته واوی میلله تانی جیهان  !

لادی:  ئه و ماوه یه یی عیسا ته مه نی له سه رزه مین هه بوو، یه که مین هه نگاوی فێرکردنی قوتابیه کانی بوو،بۆ ئه وه ی ئاماده یان بکات بۆ مزگێنییه که ی، ئه ویش ئه وه یه که مزگێنی و په یامه که ی به ته واوی میلله تانی جیهان بگه یه نن٠ هه موو جارێک  عیسا ده یفه رموو ، که زۆر به ئاگاوه گوێ بگرن٠له کۆتای ژیانیدا قوتابییه کای ڕاسپارد که بڕۆن به ته واوی جیهاندا مژده ی په یما نی نوێ به گوێی هه موو میلله تاندا بده ن٠

ئه مه خۆی ئه وه ده گه یه نێت که مزگێنی عیسا بۆ  سه ر جه م گه لانی جیهان هاتووه قورئانیش شاهیدی ئه وه ده دات ،که عیسا نیشانه یه که بۆ ته واوی مرۆڤایه تی٠

مه تا١١/١٠، ١/ یۆح ٤ /مه رق ١٦، ١٥/ مه تا ٢٨، ١٨-٢٠ /کردار ١، ٨/

قورئان ١٩، ٢١/٢١، ٩١

## چونکه هیچ شتێک نی یه لای خودا نه بێت٠ ( لۆقا ١، ٣٧)

٤

یوسف : ته نها یه ک خودا هه یه،نه ک سێ خودا له سێ دانه ی یه کگرتوودا !

داودا : مه سیحی یه کان بێگومان پێ له سه ر ئه وه داده گرن که ته نها  یه ک خودا هه یه٠ ئینجیل خودامان له سێ که سایه تیدا نیشان ده دات(باوک ، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز)  ئێمه ش له سروشتدا  گه لێک نمونه مان هه یه که چه ند شتێکی جیاواز له یه ک شتدا خۆیان نیشان ده ده ن .بۆ نموونه : له ناو خۆردا له هه مان کاتدا که مادده یه ، گه رمی وه ڕووناکی هه یه٠ وه فێربوونه کانی ئینجیل که خودامان له سێ که سایه  تیدا  نیشان  ده دات، ئه مه یارمه تی ئه وه مان ده دات که باشتر خودا بناسین و لێ ی تێبگه ین٠ خودا  ده یه وێت  خۆی  ئاشکرا بکات  ئه مه ش هۆکارێک بوو که له شێوه ی عیسای مه سیحدا هات و له سه ر ڕووی زه مین خۆی نیشاندا٠

قورئان٤، ٥/١٧١، ٧٢/مه ت٢٨، ١٩/یۆح ١٤، ٢٦/ ٠٢کۆرن١٣، ١٤/ ٠١په تر١، ٢ یۆح ١، ١-٤/  عیبر١، ٢

فاتیمه : په یامی بارنابا ڕاستترین په یامه !

لادی   :  چه ند که سێک له زاناکان ئه م په یامه یان تاوتووێ کردو  لێکۆلینه وه یان له سه ر کرد، وه به به لگه وه ووتیان کۆکراوه ی ئه م په یامه هیچ پابه ند نی یه به ئینجیله وه، وه له هه مان کاتدا چه ند سه د سالێک دوای چوار په یامه سه ره کی یه کی ئینجیل نووسراوه٠ له هه ندێ جێگه دا ئینجیل پێچه وانه ی قورئانه.بۆ نمونه:وا هاتووه که  عیسا وه کوو ڕێگه- خۆشکه رێکه بۆ مه سیح، و محمد به  مه سیح  ناونراوه٠

چه ندین مێژوو جوگرافیای هه له  به لگه ن که نووسه روه کو پێویست زانیاری له م باره یه وه له لا نه بووه٠

په یامی بارنابا ٩٧، ١٩١ / په یامی بارنابا ٢٠، ٢١